کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-2-2007 23:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەرچەند دووریت هەموو شەوێک لە دیدەم دایت. . . . . . کەریم ئیسماعیل

ئەمانڵ
10. 02. 2007



نیوە شەوێکی مات و خەمناکە، لە ماڵیکی چۆڵ و هۆڵ زستانی سەخت هاوڕێم و کۆچەکەی تۆش خەمی دڵ و تەمی چاوومی تۆخ کردەوە، ، دانیشتووم ئەم حەسرەتە بۆ وێنەکەت دەگێڕمەوە

ئای لە شەوانی بێ تۆی چەندە سەختە؟ کۆچەکەشت ناوادە بوو، هەڵی وەراند گەڵای زەردی ئەم درەختە، هەر بۆیە کوکوختیەکانی ئەم هەوارە ئەمشەو بونە هاودەمی ئەم ژڵە شێتە، ، ئەم شەو هەموو شتێک نا ئومێدی بەگوێچکەمدا دەچرپێنێ، تەنانەت درەختە ووشکەی بەر باخچەکەشم، بۆ ئەم کۆچەت شین دەگێڕێت لە حەسرەتی دابڕانت هەموو دونیا لە دیدەمدا خەراباتە، ، ئەم کۆچەشت خەم و ئێش و مەرگەساتە، ،
هەرگیز ئێرەم خۆش نەویستوە، تا ئەو شەوەی دەنگی تۆم بەر گوێ کەوتوە، سۆزی تۆم بەر دڵ کەوتوە، تریفەی مانگە شەویک بویت، شەوی تارمت ڕوون کردەوە، زوو هاتی و ڕۆی شنەی شەماڵی کۆێستانت بۆیت بۆ ئەم گەرمە سێرەی دڵم، تار ژەنێک بویت بۆ نیشتەجێی شاری کرم، ، کە تۆم ناسی زۆر دەمێک بوو فرمێسک لە چاووی وەنەوزم قەتیس مابوو، ڕیزە شریتی ناو چەرداخی ئەم تەمەنەم هەڵوەشابوو، کە تۆم ناسی ساڵانیک بووەک دەروێشێک لە شێخ یاخی دوای ساڵانی لێک دابڕان بۆ کۆڕی زکر بێتەوە، ، کە تۆم ناسی ڕۆحشکاو بووم، سەداها شەوبەسەر تەنیایی خۆمدا ئەسرین لە چاوم باریوە، ، کە تۆم ناسی، ژیلەمۆی ئاگردانێکی عێلە جافێکی بەر (با) بووم، ، تاقە ڕێخێکی کەناری گوێ چەمێ بووم ئەمرۆ سبەی لەگەڵ خۆی ڕاپێچم داکا. . .، ، ،
هاتنی تۆ پەڵە هەورێکی بەهار بوو بۆ کێڵگە تینوەکەی دڵم، ژیانەوەی سەر لە نوێ بوو بۆ باخچەی بێ نازی گوڵم، هەموو شتێکم بەخشیە دەست ئەم قەدەرە لەو شەوەدا تۆم تیا ناسی، ئارامی بوویت بۆ دەریای سەر لێشاوم، هەناسەیەکی ئۆخەی بوویت بۆ هەستی مات و تاساووم، کۆشی حەز بویت بۆ سەری ماندوو بووی کاسم، جێگەی ئومێد و هیوام بوویت، بۆ خەون و ئاوات و ڕازم. . . . !!!
وەلێ جەخار هەر لە شەودا ئەستێرەکانمت نوقم کرد، بە ووشەی (نا) کۆچ دەکەمەوە نێشتیمان. ماڵی دڵمت چۆڵ وهۆڵ کرد، ، تەنیات کردم لە ناوەڕاستی ڕێگەدا، ، تەنیات کردم وەک تەنیای ئەو منداڵە بە جێماوەی قەرەداخدا، جارێکی دی دایک و بەبابی نەدیەوە، هەتا کوو مرد بە حەسرەتی دووری ئەوان شەوانی ڕۆژ دەکردەوە،
ئەی نازانی لە دوای کۆچت هەڵ دەوەرێ هەموو چرۆم؟ترووسکەی تێدا نامێنێ ئەو ڕۆژانەی ڕوو لە ئاسۆم؟
چی شک دەبەم دڵنەوایم بداتەوە؟ فرمێسکی چاو بسرێتەوە؟ ئەم دەروونە گڕ گرتوەم بۆ ساتێ هێور کاتەوە؟تەنها وێنەو ئەو دوو گۆرانیە نەبێت لات داناوم بۆ یادگاری، بم لاوێنێ هەروەک و خۆت ئەو شەوانەی تۆم تیا ناسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.